# ناو

**ئەمین گەردیگلانی**
**(بۆکان)**

**«چارەنووسی هەر مرۆڤێک بەناوییەوە گرێدراوە»**

زەنگی ئاخـــر بـوو، درگـــای پۆلی سێـیـەمی سـەرەتایی کـرایەوە. تێکڕا قـرچەپێ هەسـتان. درگای پۆلەکە پێـوە درایەوە و مـــامـــۆســـتـــا لە پاڵ تەختـەڕەشـەکـەدا وێستا و چاوی لە پەنجەرەکەوە چەن چرکەیەک هەڵڕشتە ئەودیو. منداڵانی پۆلی پێنجـــەم بە حەوشەکەدا غاریان دەدا. سەرنجی لەژێر پێـیـان هەڵگرتەوە و بەسـووڕێکی ملی هێنای لەسەر تەختە ڕەشەکە چەقاندی. خـاڵ و چوکـڵـەی چەن پیت لە گلێنەی هەڵچەقین و ڕۆچوون بەرەو مێشکی و لەوێوە داگەڕان بۆ دڵی.

– کێ ئەوەی نووسیوە دیسان؟

منداڵەکـــان هـەریەکـــەی دەست و سـەرنجی خـۆی بە شـتـێکەوە خـەریک کردبوو.

ئەویش لە سـووچی پشـتەوەی پۆلەکە کـتـێـبـەکـەی بە بەرچاوییـەوە گـرتبـوو دەگـریا. هەر دڵۆپە فـرمـێـسـکێکی لاپەڕەیەک بوو و خەمێکی ئەوی لەسەر تۆمار کرابوو. مامۆستا بانگی کرد بێتە بەر تەختە ڕەشە، بەڵام هێزی هەستانی نەبوو.

«وەک شـوانەی جیـرانمان خـۆزگـە منیش باوکم پێی نەخوێندمایە و بیدایەم بە ڕەنجبەر، چا نەبوو لە خەڵک و منداڵان دوور دەبووم.»

مامۆستا دیسان بانگی کردەوە.

ئەو ڕۆژەی مـاڵی پووری و جیـرانەکـەیان هاتبـوون بۆ مـاڵی ئەمـان پووری بانگی کـردبوو بچێ و مـاچێکی بداتێ. جیـرانەکەی مـاڵی پووری گوتبووی:

– هەر بەڕاستی ناوەکەی وایە؟!

ئەم وەک ئێـسـتـا سـەری بەرداېۆوە و لەنێو خۆیدا کوڵا بوو. هەستی بە توانەوە و ئارەقـە دەردانێکی سـەیر کـردبوو. زۆرجار تووشی ئەم جۆرە شەرمەزاربوونە ببوو.

پۆلەکە هەروا بێدەنگ بوو، سـریوەی لێوە نەدەهات.

مامۆستا هاتە پەنای دەستی بەسەریدا هێناو ماچی کرد.

ئەو ڕۆژە پووری گوتبووی ئەگەر کوڕی من بوایە قەتم ئەو ناوە لێنەدەنا.

دایکیشی گوتبووی:

دایکی کوێر بێ زۆر پاڕامەوە تکام لە باوکی کرد، جوابی نەدامەوە.

دەیگـوت نابێ ناوی باوکـم کـــوێـر بێتەوە.

مـامـۆسـتا دەسـتی گـرت و بردی بۆ بەر تەختە ڕەشەکە و هەورەکەی دا دەسـتی و کوتی:



– بە دەستی خۆت پاکی کەوە.

ئەم هێـشـتـا نەیدەزانی مـردن هەیە، دەنا خـۆشی وەک ناوەکەی دەسڕییەوە دەستە بێ هێزەکەی هەڵێنا و بەدەم هەنیسکەوە ناوەکەی پاک کردەوە.

مامۆستا بەبزەیەکی شرینەوە گوتی:

– برۆ دانیشەوە.
ئەم سەری بەرداوە و لەگەڵ هەموو خەمە ورد و درشتەکانی لەسەر جێگاکەی دانیشتەوە.
مامۆستا گوتی ئێستا کتێبی (بیرکاری) دەرهێنن.
وریا و هیوا بران، وریا هەشت گوێزی پێیە ئەگەر چواریان بدا بە هیوا...
«بریا منیش برای ئەوان بوایەم. گوێزەکەی خۆشم دەدا بە ئەوان»
مامۆستا هاتە تەنیشتی ویستا. دەستی نا سەر شانی و گوتی: نازانی چەندی بۆ دەمێنێتەوە؟
لە سووچی دیواری کۆڵانەکەیان هەڵترووشکاوە. حەوت هەشت منداڵ تۆپێن دەکەن. کاک ڕەحیمی جیرانیان دەستی خستبووە سەرشانی و گوتبووی:
– نازانی تۆپێن بکەی؟
مامۆستا گوتی: هەستە بزانم دەزانی.
کاک ڕەحیم دەستی گرتبوو بردبووی بۆ نێو منداڵەکان.
دەمی تێکڕای منداڵەکان دەرزیبیان لێ دەباری و لە گوێچکە و دڵی هەڵدەچەقین.
منداڵەکان پڕ بە پۆلەکە دەنگیان هەڵێناو گوتیان: چوار مامۆستا چوار.
لە نێوەڕاستی کۆڵانەکە ڕاوەستاوە. منداڵەکان بەدەوریدا هەڵدەخولێن و وشەی سەیر و سەمەرە بەناوەکەیەوە دەلکێنن.
تۆپەکە بەرەڵا بووە و دەستی کردووە بە تلارۆکی و بە کۆڵانەکەدا دەڕواتە خوارێ... دەیهەوێ خۆی بخاتە جۆگەکەوە.. هەر تۆپەکە سووڕ دەخوا و ئەم سەری لە گێژەوە دێ. تۆپەکە سووڕ دەخواو ئەم سەری لە گێژەوە دێ. تۆپەکە سووڕدەخوا و ئەم سەری لە گێژەوە...
مامۆستا دەستێک بە فرمێسکی سەر ڕوومەتیدا دێنێ، دەیسڕێ و دەڵێ:
– تۆش دەزانی وریا چوار گوێزی بۆ دەمێنێتەوە؟
تۆپەکە سووڕدەخوا و ئەم سەری لە گێژەوە دێ. تۆپەکە خۆی فڕێ دەداتە نێو جۆگەکەوە ئەمیش لەنێوەڕاستی کۆڵانەکەدا دەکەوێ بە عەرزدا. دێ هەستێتە سەرپێ لەسەر کورسیلەکەوە بەلادا دێ و لەبەر پێی مامۆستاکەیدا دەدرێ بە عەرزدا. مامۆستا هەڵیدەستێنێتەوە و لەسەر کورسیلەکە دایدەنێتەوە و لە پاڵیدا دادەنیشێ.
لە نێوەڕاستی کۆڵانەکەدا کەوتووە و ناتوانێ هەستێتەوە. منداڵان هەریەکەی بەلایەکدا هەڵدێن. کابرایەک خەتێکی بەدەوریدا دەکێشێ و بە هەردوو دەستی چاوی دەگرێ. دوای چەن چرکەساتێک هەڵدەستێتەوە و خۆی دەکاتەوە بە ماڵێدا.
زەنگی قوتابخانە لێدرا.
– جوانە مەرگ بی، فریای جل شتنت ناکەوم، دیسان خۆت قوڕاوی کردووە.
قیژەی دایکی زرینگەی لە مێشکی هەستاند.
لە قوتابخانە هاتنە دەرێ. سەرنجی چاوی فرمێسکاوی و لاقە بێ هێزەکانی بەسەر گڵ و بەردی کۆڵانەکەدا دەخوشێن. دەنگی تێکڕای منداڵەکان ناوی ئەمیان کردۆتە گۆرانی و کۆڵانەکەیان وەلەرزە خستووە.

